## دابەشکردنی خانووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بە شێوەی خاڵبەند دەبێت

# "خۆپیشاندانەکەی ڕزگاری دەستی لە پشتەوە هەبوو"



لەهەموو شوێنێک هەر غەدر لێکراون

**زەنگ-نووسینگەی کەلار:**

**بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان دەڵێت:" ئەوانەی خۆپیشاندانەکەی رزگاریان کرد هەرچەندە کەسوکاری ئەنفالن بەڵام دەستیان لە پشتەوە هەبووە و دابەشکردنی خانووەکانیش بە شێوەی ئیستیحقاق دەکرێت".**

هاوڕێ پێشرەو بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان وتی :" ئێمە وەک بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی پرۆژەی زۆرمان هەیە بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری ئەنفال لە ناوەندی دەسەڵاتدا بە تایبەتی لە دروستکردنی خانووبۆ وارسی ئەنفالکراوەکان وە ئێمە دوای ئەوەی لەم ماوەیەدا سەردانی مام جەلال مان کرد ئاگادارمان کردەوە کەوا لە سنووری گەرمیاندا نزیکەی چوار هەزار وارسی ئەنفال ماون لە گەرمیاندا سوودمەندبن و لە دوای سەردانەکەی عیماد ئەحمەد ئەویش بریاریدا دوو سەت خانووی تر دروست بکریت ئەوە بوو لە ئەنجومەنی وەزیران داوا کرا هەزار و پێنج خانوو بکرێت لە چەمچەماڵیش داوا کرا پێنج سەت خانوو بکرێت هەمووی گەیشتە هەزار و حەوت سەت خانوو وە جگە لە مانەیش برادەرانی مەڵبەندی گەرمیان سەردانی مام جەلال یان کرد لە سەر بوجەی یەکێتی خۆی سێ سەت خانووی تر بکرێت ئەویش خرایە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان باسی لە چۆنێتی ئامادەکردنی ئەو لیستانە کرد و وتی:" ئێمە زۆر ماندوو بووین بە ئامادەکردنی لیستەکان لە گەڵ دەزگای شەهیداندا دوو لیستمان ئامادەکرد ئەویش ئەوە بوو:" کەلار (٣٣٠) خانووی بەر ئەکەوت وە دووزخورماتوو (٢٠٠) خانووی بەر ئەکەوت و کفری (٢٦٥) خانوو و دەربەندیخانیش (٦٥) خانووی بەر ئەکەوت و ئێمە بۆ دەست نیشانکردنی لیستەکە پێوەرمان دانا بۆ (تاقانە، دایک، بێوەژن، بێوەپیاو، باوک) و ئێمە دوای ئەوەی لیستەکەمان ئامادەکرد برادەرانی مەڵبەند پێیان وتین ئەو سێ سەت خانووەی ئەوان دوا ئەکەوێت ئەوەیش بوە هۆی ئەوەی ئێمە پیاچوونەوەی تازە بە لیستەکانمان بکەین لە پیاچوونەوەی لیستەکانمادا دەرکەوت دەبێت لە بری ئەوەی (٦٢٠) خانو ئامادەبکرێت (٣٣٠) خانوو ئاماد بکەین بۆ دابەشکردن بە سەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان. هاوڕێ پێشرەو وتیشی:" بوە هۆی ئەوەی هەستمان کرد ناعەدالتیەک دروست دەبێت لەو دابەشکردنە ئەبێتە هۆی ئەوە کەوا لە (٧٢٠) وارسی ئەنفال لە سنووری رزگاری و کەلاردا ناتوانین لە دروستکرنی (٣٣٠) خانوو سەرکەوتووبین.

هاوڕێ پێشرەو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوەی وت:" ئێمە بریارماندا خانووەکان بە شێوەی قورعە دابەش بکرێت وە ئێمە هەموو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالمان کۆکردەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بزانین بۆچونیان چۆنە لە مەسەلەی دابەشکردنی ئەو ڕێژە خانووە بە قورعە ئەوانیش بەزۆرینەی دەنگ لە گەڵ قورعەدا بوون وە ئێمە ئەوەیشمان پێوتن کە هەردوو جۆرەکە بەو شێوەیە دەبێت واتا قورعە چۆنە و دەست نیشانکردنی خاڵەکان بەو شێوەیە دەبێت. کە ئەمە بوو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوایان کرد ڕێژەی خانوەکان زیاد بکرێت هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێ خەڵکی هەل پەرست هەستان وەزعەکەیان قۆستەوە کەوتنە ئاژاوە گجێری و شەر دروست کردن ئەوە بوو ئەو نارەزایی خۆپیشاندانەی لێکەوتەوە کە چاوەروان نەدەکرا. بەرپرسی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال ئاماژەی بەوەیش کرد:" لە دوای ئەوەی وەزعەکە کپ بووەوە ئێمە چووینە ئیدارەی گەرمیان و ل گەڵ مەلا سەعید و بەرپرسی دەزگای شەهیدانی گەرمیان کۆبوینەوە و بە کۆی دەنگ کۆک بووین لە سەر ئەوەی دەزگای شەهیدا هەموو ناوەکان ئامادە بکات کە بە شێوەی خاڵ بەندی بێت واتا تاقانە و بێوەژن و ئەو جۆرانە بە کورتی ئەو کەسانەی زۆرترین زیانیان لێکەوتووە لە ئەنفال بە پێی خاڵ خانووی بۆ د ابین ئەکرێت. وە هاوری پێشرەو بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان وتیشی:" من لە ڕێگەی رۆژنامەکەی جەنابتانەوە کە رۆژنامەیەکی گەرمیانیە داوا ئەکەم کەسوکاری ئەنفال کراوەکان دوای کۆمەڵێ قسەی بریق و باق دار نەکەون بخەڵتێن بە شتی نادیار.!!! بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بو ئەو بوو کۆمەڵێ ناعەدالەتی هەیە لە مەسەلەی دابەشکردنی ئەو خانووانە. تارق سدیق بەرێوبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی گەرمیان سە بارەت بە دروستبونی ئەو نارەزاییەی خەڵک تێروانینێکی جیاوازی هەبوو لە گەڵ وتەکانی هاوڕێ پێشرەو و رایگەیاند:" من قەت ئەوە ناڵێم ئەو نارەزاییەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە رزگاری خەلکێک خۆپیشاندانی کردووە دەستیان لە پشتەوە هەبوو بێت دیارە داواکاریەکانیان بە رەوای ئەبینم و بۆیە دەڵێم :" غەڵەت مەکە و با کەس رەخنەت لێنەگرێت. وە من نامەوێ لە هەوڵی برادەرانی کۆمەڵی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال کەم کەمەوە بەڵام ساڵی پار ئەو ڕێژە خانووەی دروست کرا لە رزگاری چونکە بە پێی خاڵبەندی بوو هیچ کێشەیەک نەبوو بەڵام ئەمساڵ نەیان توانی بەو شێوەیە بیکەن لە بەرئەوەی ترسان لە نامە و نامەکاری و برادەری و ئەو جۆرە شتانە ئەو خروقاتە دروست بوو وە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئەویان پێ باشە ئێمە وەک دەزگای شەهیدان سەرپەرشتی ئەو دابەشکردنی خانووانە بکەین وە من پێم وانیە هیچ کام لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لاریان نیە بە شێوەی خالبەندی بێت. سەبارەت بەوەی کۆمەڵێ خەڵک لە گەرمیاندا خەڵکیا ئەنفالە و زەوی نیە بۆ ئەو چی دەکەن؟ تارق عەبوڵا وتی:" ئێمە هەتا ئوانەی ئەندامن لە دەزگاکانمان ئەوانە زیاتر لە پێشەوەن تا یەکێکی تر ئێمە بەرێوبەرایەتیەکەمان سەرپەرشتی ئەو کەسانەدەکات کەلای ئێمەن راستە هەموو لایەک کە قوربانی دابێت پێویستە سودمەند بێت خۆ لە گەڵ ئەوەیشدا لە زۆربەی ناوچەکان بەرێوبەرایەتی هەیە و ئەوان دەتوانن سەردانی شوێنی دیاری کراوە خۆیان بکەن.

هەر سەبارەت بەو نارەزایی خۆپیشاندانەی رزگاری، (زەنگ) زۆر هەوڵیدا نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان رەخنەکانیان لە نزیکەوە ئاشکرا بکات بەڵام لە بەر ئەوەی نوێنەریەکی تایبەت و دیاریان نەبوو بۆیە نەتوانرا بیان دوێنین.

---

## سەعدوڵا فەتاح بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان:

# لە گەرمیان پاڵاوگەی ئاو بۆ هەموو شارەکان دادەنێین

**زەنگ-مەریوان:**

**بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان دەڵێت:"خراپی بە گرخستنی خزمەتگوزاریەکان لە هەندێ ناوچەی گەرمیاندا وای کردووە ئاوی گەرمیان پیس بێت و بە تەماین پاڵاوگەی ئاوپاککەرەوە دانێین لە گەرمیاندا".**

ئەندازیار سەعدوڵا فەتاح بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات ئەو گەرەکانەی لە گەرمیاندا کەم ئاون زۆرێکیان لە ماستەر پلانی ئەوان و شارەکاندا نیە.

لەو رووەوە وتی:" لەم چەند رۆژی رابردووەدا لە کەلار لە گەرەکی مەتارەکە کە هەندێکیان سەر بە گەرەکی حەمرینن خۆپیشاندان کرا لە سەر نەبوونی ئاوو ئەوە بوو چەندین نارەزایی و سکاڵا بەرز کرایەوە". ئەو ئاماژەی بە بوونی تێنەگەیشتنێک کرد و وتیشی:"من حەز دەکەم ئەوە رەت کەمەوە ئەو گەرەکانەی کەلار هەندێکیان خۆیان تەجاوزن و بە تەجاوزیش دروست نموونە لە سەر ئەو گەرەکانەیش ئەو گەرەکە بوو لەم چەند رۆژی رابردوودا ئەو هەرا گەورەیان دروست کرد من بە رەوای نابینم گەرەکێک لە ماستەر پلانی شاردا نەبێت تۆ بچی هەموو خزمەتگوزاریەکی بۆ بکەی چونکە هەرچیەک بکرێت لە بەر ئەوەی گەرەکەکان تەجاوزن رەنگە سبەینێ حکومەت بریارێ دەرکات و ئەو گەرەکانە نەمێنن، لە گەڵ ئەوەیشدا ئێمە هەر توانیومانە ئاویان بۆ دابین بکەین بە تەنکەری ئاوو جۆرێک لە ئاسانکاریان بۆ بکەین".

سەبارەت بەو گەرەکانەی کە تەجاوزنین و کێشەی کەم ئاویان هەیە سەعدوڵا فەتاح رایگەیاند:" ئەو گەرەکانەی کە کێشەی کەم ئاویان هەیە لە راستیدا ئەوانە شبکەی ئاوو لەو گەرەکانە لاواز بووە ئەوەنیە کە ئاویان نەبێت ئەگینا لە گەرمیاندا بە گشتی ئەتوانم بڵێم کێشەی کەم ئاوی زۆر کەمە. وە ئێمە لە گەرمیاندا نەک تەنها بۆ شارەکان دیارە بۆ گوندەکانی دەوروبەریش توانیومانە رۆڵێکی چاکمان هەبێت ئەوەتا لە گەرمیاندا لە زۆربەی لادێکاندا توانیومانە بیری ئەرکەوازی دابین بکەین و لە کێشەی کەم ئاوی رزگاریان بێت ئەوە زیاتر بە هۆی ئەوە بوو لەم چەند ساڵەی دواییدا وشکەساڵی هەبوو بۆیە بۆیە ئێمە ئەو هەڵمەتەمان بە هاوکاری ئیدارەی گەرمیان بە گرنگ زانیوە حەز دەکەم بەر لەوەی بچینە سەر وەڵامی پرسیارێکی تر بدەینەوە ئێمە لە بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان لە هەر تەندەرێک یان پرۆژەیەک لە شویچنێک دەردەچێت ئێمە سەڵاحێتی ئەوەمان هەیە تەنهاملیۆنێک سەرف بکەین لەوە زیاتر نیە، ئاوی گەرمیان لە هەندێ شوێندا مەرجی تەندروستی تێدانیە رەنگە هەندێ جار ببێتە هۆی دروست بوونی چەندین نەخۆشی ترسناکیش، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان ئەوەی وت:" لە راستیدا ئاوی گەرمیان بەو شێوە خراپەیش نیە کە باس دەکرێت ئەوەی کە تۆزێ خاپ بێ ئاوی کفریە رەنگە تۆزێ باش نەبێت ئێمە لە گەڵ ئەوەیشدا هەوڵی ئەوەمانداوە کە بەدیلێک بدۆزینەوە بۆ خەڵکەکە ئەوە بوو ئاوی دووزمان هێنا بۆ کفری بەڵام لە گەڵ ئەوەیشدا ئێمە نەمان توانی خەڵکی وا لێبکەین بە تەواوی پشت بەو ئاوە ببەستن چونکە هەم لە رووی تەندروستیەوە هەم لە رووی بەردەوام دابینکردنی ئاویش بۆ کفری ناماندەتوانی پشتی پێ ببەستین چونکە لە راستیدا ئەوە ئاوەی دووز لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدانیە بۆیە ئێمە ناتوانین پشتی تەواوی پێ ببەستین لە گەڵ ئەوەیشدا ئێمە ئێستا خەریکی پرۆژەیەکی تازەین بۆ گەرمیان بە گشتی ئەویش ئەوەیە پاڵاوگەیەکی ئاو خاوێن کەرەوە دانمێن بۆ ئەوەی خەڵکی لەو دوو دڵی ئاوی گەرمیانە رزگاری بێت بە تەماین لە کفری لە سەر لوتکەی باوەشاسوار پاڵاوگەیەک دانێین لە بەر ئەوەی لە کفری ئێستا خەریکی دروست کردنی بەنداوێکن ئێمە دەتوانین سودی لێببینین بە هەمان شێوە لە کەلار لە سەر قەڵای شێروانە و لە چەمچەماڵ بە هەمان شێوە، ئەندزیار سەعدوڵا فەتاح ئاماژەی بەوەیش کرد زۆر جار بە هۆی ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆ گەرمیان دەردەچێت لە رووی دابینکردنی ئاوەرۆ و ئەو جۆرە شتانە لە بەرئەوەی ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئەندازەیی رێک بە کاری بیچنن بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوو ئاوەرۆکان پێکەوە تێکەڵ بن. بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان باسی لە ڕێژەی ئەو بیری ئەرکەوازیانە کرد لە گەرمیان و وتی:" سەرووی پەنجا بیری ئەرکەوازیمان لە گەرمیاندا و توانراوە سودمەندبین لێیان وە لەرووی دواکەوتنی ئەوبیرە ئەرکەوازیانەی کە دەکرێت تۆزێک دوادەکەوێت لە مەسەلەی دروستکردنی دیارە ئێمە لە وڵاتێکدا ددەژین بە راستی کەم شت ماوە لە جێگای خۆی بۆیە پرۆژەیەک دەدرێتە کۆمپانیایەک لە بری ئەوەی بە دوو مانگ تەواو بێت بە چوار مانگیش تەواو ناکرێت ئەمەیش بۆ خۆی کێشەیە بە راستی، سەعوڵا فەتاح باسی لەوەیش کرد زۆر جار ناهۆشیاری هەندێک لە هاوڵاتیان وای کردووە کێشەی کەم ئاوی رووبدات ئەوەتا ئێمە بەردەوام لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کەم ئاوو بە فیرۆ بدەن کەچی سودی نیە ماڵی وا هەیە بەردەوام ئاوەکەی ڕێ دەکاتن کەچی درهاوسێکەشی ئاوی نیە زۆر بەلایەوە ئاساییە ئەوەتا هەندێ لە وڵاتان لە بری ئەوەی نەوت بفرۆشن کە چی ئاوو ئەفرۆشن لە بەر ئەو گرنگیەی ئاوو لە ژیاندا، لێدوان بۆ راگەیاندنەکان بوەتە باوێک لە گەرمیان روو لە هەر دەزگایەکی حکومی دەکەیت ئەڵێن کتابمان بۆ هاتووە نابێت لێدوان بۆ رۆژنامە بدرێت فەرمانگەی ئاوو یەکێکە لەو دەزگایانە و هیچ روونکردنەوەیەک بۆ رۆژنامەکان نادەن. سەعدوڵا فەتاح بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان ئەوەی بۆ ئاشکرا کردین:" بەڵێ ئێمە هەموو فەرمانگەکانی خۆمان ئاگادار کردوەتەوە بۆ هیچ رۆژنامەیەک لێدوان مەدەن چونکە لە راستیدا هەر فەرمانبەرێک هەستێت و لێدوانێک بدات ئەمە زۆر ئەکات جاری وا هەیە بە تەلەفۆن داوای لێدوان دەکرێت ئەمە لە کوێ هەبوو ئێستا زەنگ سەردانی کردووین ئێمە زۆر پێخۆشحاڵین و هەر پرسیارێکیش بێت بە ئاسایی وەڵامی دەدەینەوە ".


نابێت کەس لێدوان بۆ راگەیاندنەکان بدات

---

..تەنز..

## دوو مۆدیل لەبەرپرسیارێتی!



**عەتا قاجری**

ئەروپا /سەرکەوتنی بەرپرس لەسەربنەمای پێشکەوتنی خەڵکانی ژێردەستی هەڵدەسەنگینرێت.

کوردستان/سەرکەوتنی بەرپرس هەڵسەنگاندنی نی یە بەڵکو بون بەرپرس هەربۆخۆی نیشانەی سەرکەوتنە. ئەروپا/ بەرپەرسەکان هەندیک جارلەبەر هەستی گەورەی بەرپرسیاریەتی خۆشەویستی وڵات دەست لەکاردەکێشنەوە.

کوردستان /خۆشەویستی بۆکورسی ڕێگرەلەبەردەم دەست لەکارکێشانەوەی.

ئەروپا /تاک لەسەرەتاوەدەست پێ دەکات وبەتدریج دەبێتەبەرپرس.

کوردستان /تاک وبەرپرسیارێتی هەرلەمنداڵییەوە دەبێت یەکەم ئیشیشیان لەبیست ساڵی دەبێت یەکسەربەرپرسیش دەبێت.

ئەروپا /بۆپۆستێک بەدوای بەرپرس دەگەرێن.

کوردستان /بۆتاکیک بەدوای پوستدادەگەرێن ولەکاتی نەبونینیشی بۆی دروست دەکەن.

ئەروپا /کارمەندیکی سادە دەتوانیت پاش چەندساڵ ببێتەبەرپرس.

کوردستان /کارمەندێکی سادە پاش چەند ساڵێک هەرهەمان کالامەندی سادەیە، لەکاتێکدابەرپرسەکەی چەندجارگۆراوە

ئەروپا /ئەگەربیانەوێت سودلەئەزموون شارەزایی کەسێک وەرگرن ئەیکەن بەراوێژکار.

کوردستان /ئەگەربیانەوێت هیچ سودیک لەکەسێک وەرنەگرن دەیکەنەراوێژکار.

ئەروپا /ئەگەرکەسێک لەکارلاببرێت داوای لێ بوردن دەکات هەتالەوانەیەدادگایی بکرێت ئەگەرکەم تەرخەمی کردبوو.

کوردستان /ئەگەرکەسێک لەکارلاببرێت ئەوالەمەراسیمیکی بەشکۆدا پۆستێکی نوێ وگرنگ تری پی دەبەخشرێت.

ئەروپا /بەرپرس بەشێوەیەکی سەربەخۆکار پێ دەدرێت ولەسەرکارلادەبرێت ،بەڵام بەشیوە ی گروهی هاوئاهەنگ کاردەکەن.

کوردستان /بێ پرس بەشێوەی سەربەخۆوهاوئاهەنگ کاردەکەن ،بەڵام بەشێوەی گروهی کاریان پێ دە دەرێت ولەسەرکارلادەبرین.

ئەروپا /بۆدامەزراندنی بەرپرس لەمیدیابانگەوازوئاگاداری بڵاودەکەنەوە وچاپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت.

کوردستان /بۆدامەزراندنی بەرپرس تەلەفونکردنە بۆئەوکەسانەی کەمەستیانە.

ئەروپا /کاتی دەست پێک وکۆتای کاری بەرپرسێک دیاری کراوەوتەنانەت دەست پێکی کاری بەرپرسی دوای ئەویش دیاردەکرێت.

کوردستان /بەرپرس لەهەمان رۆژفەرمانی کارکردن وەیان لەسەرکارلابردن وەردەگرن.

ئەروپا /هەمووکەس دەزانێ زیادەی داهاتی بەرپرسێک چەندە.

کوردستان /کەسانێکن دەرمەتیان پەیوەندی بەکەسەوەنی یە.کەس مافی زانینی نی یە.

ئەروپا /ئێوە بەرپرسەکان بەناوی ئاسایی خۆیان بانگ دەکەن.

کوردستان /ئێوەبەرپرسەکەتان بانگ ناکەن چونکە ئەوان کاتی بینین بەئێوەنادە ن تابانگی بکەن.

ئەروپا /بۆبەرپرسیارێتی پێشینەی کاروکارامەیی گرنگە.

کوردستان /بۆبەرپرسیارێتی هەرسیقەیان پێت هەبێت ئیترتەواوە.